شانشینی بەریتانیا کۆمەڵکوژی دژ بە ئێزیدیەکان بە جینۆساید ناساند



وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، بەشوێیەکی فەرمی ڕایگەیاند کە ئەمە سەشەمە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، تاوانی چەکدارانی داعش بەرامبەر بە ئێزیدیەکان لەساڵی 2014 بە جینۆساید ناساند.
وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە، ئەمە سەشەمە شانشینی یەکگرتوو بە فەرمی دانی بەوەدا ناوە کە داعش لە ساڵی 2014 کۆمەڵکوژی لە دژی ئێزیدیەکان ئەنجامداوە.
لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، "حکومەتی بەریتانیا ئەو کردەوانەی کە لەکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ساڵی 2014 لە عێراق دژی ئێزیدیەکان ئەنجامیاندا، بە جینۆساید زانی".
لە ڕاگەیەندراوەکەی حکومەتی بەریتانیا ئاماژە بەوەشکرا، "شانشینی یەکگرتوو بە فەرمی دان بە پێنج حاڵەتی جینۆساید دا دەنێت، ئەوانیش هەڵەکەست، کوشتن، سەربڕینیکا، جینۆساید لە کەمبۆدیا و کۆمەڵکوژی دژی گەلی ئێزیدی".

لەم بارەیەوە، وەزیری پرسکانی دەڕەوەی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، لە حکومەتی بەریتانیا ڕایگەیاند: ”ئێزیدیەکان ئازاری زۆریان چێژت لەژێر دەستی چەکدارانی داعش، تاکوو ئێستا شوێنەواری تاوانی ئەم گرووپە دژ بە ئێزیدیەکان دیارە، بۆیە گرنگیاندنی دادپەروەری پێویستە بە ئەو کەسانەی کە

ژیانیان وەران بوو".